عەباس عەراقچی: ئێران ئامادەیە دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا بکات

وەزیری دەرەوەی ئێران رایدەگەیەنێت، وەتەکەی ئامادەی دەستپێکردنی دانوستاندنە لەگەڵ ئەمریکا، ئاماژە بەوەشدەکات، بەو مەرجەی دانوستاندنەکە دادپەروەرانە بێت.

ئەمە دووشەممە 12ی کانونی دووەمی 2026، عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران لە کەبوونەوە لەگەڵ باڵیۆزی وەتان لە تاران رایگەیاند، "تاران ئامادەیە بە ئەوەی پرسی ئەتۆمیی ئەو وەتە لەگەڵ ئەمریکا بە دانوستاندن چارەسەر بکات، بەڵام بەو مەرجەی دانوستاندنەکە دادپەروەرانە بێت و دوو لایەن مافی یەکسانیان هەبێت"،

ئاماژەی بەوەکرد، "ئێران خوازیاری شەڕ نییە، بەڵام هاوکات ئامادەیی تەواوی هەیە بە شەڕ و دەتوانێت بەرگری لە خۆی بکات".

عەراقچی رێتیکردەوە، وەتەکەی دەستپێشخەری بکات لە هەرشکردنە سەر بنکە و هێزە ئەمریکییەکان لە ناوچەکەدا.